وەزیری تەندروستی عێراق ساڵح حەسناوی فەرمانی لابردنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ژنان و منداڵان لە دیوانیە دا

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری تەندروستی عێراق ساڵح حەسناوی فەرمانی لابردنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ژنان و منداڵان لە دیوانیە دا دوای ڕووداوی ئاگرکەوتنە کە قوربانی لێکەوتەوە.

سەرچاوەیەک لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "وەزیری تەندروستی فەرمانی لابردنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە".دوایین ژمارەی ئاگرکەوتنەوە لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵان لە دیوانیە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین منداڵ، جگە لە بریندااربوونی سێ هاوڵاتی بەتەمەن.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ئاگر لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵان لە پارێزگای دیوانیە کەوتەوە، لە کاتێکدا وەزیری تەندروستی ساڵح حەسناوی گەیشتە نەخۆشخانە بۆ بەدواداچوون لە دەرئەنجامی ڕووداوەکە.